# ڕۆک بۆ منداڵان... بووکە سەماکەرە... نووسینی: ڕەزاشوان



لالۆ وەیسی لە نزیک دێیەکەی خۆیاندا، ڕەزێکی ورەی هەبوو، ترێیەکی ڕەش و گەش و شیرینی دەگرت.. بێجگە لە خواردنی خۆیان، هەموو ساڵێ زیاتر لە چوار هەزار کیلۆگرام ترێی لێدەفرۆشت.
لە کاتی پێگەیینی هێشووە ترێکاندا.. ۆلەکەیەکی زۆر دەچوونە ناو ڕەزەکەوە و، ترێیان دەخوارد.

لالۆ وەیسی ئەمساڵ بیری لەوە کردەوە، گەر ڕەزەکەی لە چۆلەکەکان پاس نەکات، لەوانەیە هەموو ترێکەی بخۆن و هیچی بۆ نەمێنێتەوە.. لالۆ وەیسی بیری کردەوە و لە قامیش و لە پەڕۆ و لە پەت، بووکە سەماکەرەیەکی (داوەڵێکی) لابەرزی دروست کرد.. کراسێکی تەنکی کچانەی لەبەرکرد و، دەسماڵێکی تەنکیشی لە کۆڵ کرد و، بردی و لە ناوەڕاستی ڕەزەکەیدا چەقاندی.. با بەبێ وەستان بووکە سەماکەرەکەیان بۆ پێشەوە و بۆ دواوە دەلەراندنەوە و.. دەسماڵەکەشیان دەشەکاندەوە.

چۆلەکەکان وایان زانی کە بووکێکی ڕاستییەوە و سەما دەکا.. ۆیە نەیان وێرا بچنە ناو ڕەزەکەوە، نەک بووکە سەماکەرەکە بۆیان بێت و بیان گرێت.. لەسەر دار تووەکانی نزیک ڕەزەکە دەنیشتنەوە. ی سێ ڕۆژی ڕوانین و سەرنجدان، چۆلەکەکان لە ڕاستیی بووکە سەماکەرەکە کەوتنە گومانەوە.

چۆلەکەیەک: "ئەری هاوڕێکانم، ئێوە تێبینی ئەوەتان کردووە، کە ئەم بووکە سەماکەرە لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا، نە ئاوی خواردەوە و، نە هیچیشی خوارد.. زۆرم پێم سەیرە کە نە توینی و نە برسی دەبێ.. چۆن دەژی؟!"
چۆلەکەیەکی تر: " ی ئەوەش سەیر نییە، کە هەر لەو شوێنەدا سەما دەکا و، نە جێی دەهێڵێ و، نە ئاوڕیش لە ئەم لاو ئەولا داتەوە.؟!"
چۆلەکەیەکی تر: " ە بەیانیشەوە تا ئێوارە، ناوەستی و سەما دەکا.. هیچ پشوویەکیش نادا.؟!"
چۆلەکەیەکی تر: "ڕتەشی لیوە نایا و، گوێم لە دەنگی نەبووە.. وا دیارە بووکێکی کەڕ و لاڵە"
چۆلەکەیەکی تر: "من ئێستا لە نزیکییەوە، بە بەردەمیدا دەفڕم و، دەچمە ناو ڕەزەکەوە.. ئێوە وریابن.. بزانن بۆم یت یا نا؟"
چ لەکەکە بە بەردەمیدا هەڵفڕی و، لەسەر لقی دارمێ کدا نیشتەوە و، دەستی بە ترێ خواردن کرد.. بووکە سەماکەرەکە، هەر ئاوڕیشی لێنەدایەوە.
چۆلەکەیەکی تری ئازا و چاونەترس: هەڵفڕی و، چوو لەسەر بووکە سەماکەرەکەدا نیشتەوە، بە وریاییەوە سەرنجی دا و لێی وردبۆوە.. ەستی کرد کە هەناسە نادا و، بووکێکی ڕاستی نییە و، بووکە پەڕۆیە.. لالۆ وەیسی بۆ ترساندنی چۆلەکەکان لە ناو ڕەزەکەیدا دایناوە.

کە چۆلەکەکان ئەمەیان زانی، ترسیان نەما و، هەڵفڕین و چوونە سەر دارمێوەکان و، تێروپڕ ترێیان خوارد.. لەم کاتەدا، لالۆ وەیسی هات و.. کردی بە هەرا و کش کشی لە چۆلەکەکان کرد.. هەموویان هەڵفڕین و چوونەوە سەر دارتووەکان.

لالۆ وەیسی زانی، کە فێڵەکەی ئاشکرا بووە و، چۆلەکەکان ترسیان لە بووکە سەماکەرە نەماوە.
ری لە ڕێگاچەرەیەکی تر کردەوە.. بەیانی پشیلە سپییە گەورەکەی هێنا و، بە بەرچاوی چۆلەکەکانەوە، لەسەر اشەبەردێکی گەورەی ناو ڕەزەکەدا داینا.. شیلەکە زۆر وریا و بزێو بوو، دەی میاواند و، چاوی بە هەموو لایەکدا دەگێڕا.. جار و باریش بۆ ڕاوە مشک بن دارمێوەکان دەگەڕا.. سەیرێکی لای دارتووەکانیشی دەکرد.

گەورەی چۆلەکەکان: هاوڕێکانم، ئەم پشیلەیە، پشیلە پەڕۆ نییە و، پشیلەیەکی ڕاستییە.. بـ ـرانن چۆن دێت و دەچێت و دەمیاوێنێت، تەنانەت مشکەکانیش ناوێرن لە کونەکانیان بێنەدەرەوە.. نەکەن بچنە ناو ڕەزەکەوە، ئەگینا دەتانگرێت و، حەپەلۆشتان دەکات" چۆلەکەکان لە ترسی پشیلەکە، لە ڕەزەکە دوورکەوتنە.

کەلالۆ وەیسی دوابەری ڕەزەکەی چنی.. هەشت نۆ هێشووە ترێی گەورەی لەبن دارتووەکان بۆ چۆلەکەکان هەڵوەراند.

لالۆ وەیسی (بە زەدەخەنەیەکەوە): "چۆلەکە وریا و جوانەکان، ئەم ترێیانەش بەشی ئێوەیە.. بە دارمێوەکانیشەوە کەم کەم ترێیان پێوە ماوە.. مەترس وەرن بیانخۆن"

لالۆ وەیسی بە بەرچاوی چۆلەکەکانەوە، پشیلە سپییەکەی لە باوەش کرد و، بەرەو ماڵ کەوتەڕێ.

## نەرویج: ٢٠١٦